The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info



## دەنگدان بە ئامینە کاکە باوە ,  دەنگدانە بە چاک, دەنگدانە بە ناساندنی دوزی ئە نفــال بە جینۆساید لە پەرلەمانی سویدی

بڕیار وایە لە سوید لە ڕۆژی 17 /9  / 2006هەڵبژاردن بکرێت بۆ خولێکی نوێ ی پەڕلەمانی  کە لە نێویاندا چەندین کاندیدی کوردی تیایە .هەر بۆیە چاک خوازیارە ڕەوەندی کورد زۆر بە گەرمی بە شداری بکا , چونکە بەشداری کردنی ڕەوەندی کورد و دەنگدانیان بە کاندیدە کوردەکان خزمەت بە مەسەلە ی بوارە خزمە تگوزاری و سیاسی و پەناهەندەیی  و نیشتمانییە کانمان دە کات .
هەر لێرەشەوە ڕای دەگەیەنین چاک پاڵپشتی تەواوی خۆی بۆ هە موو کاندیدە کوردە کان دەکات بە تایبە تی (ئامینە کاکە باوە)  کە کاندیدی پارتی چەپی سویدەو   یەکێک لە هە لسوراوە چالاکەکانی ڕێکخراوی چاکە لە  سوید .
خاتوو ئامینە ڕۆلی باڵای  هەبووە لە ناساندنی مەسەلەی ئەنفال و هەلەبجە ،  لە نێو دام ودەزگا  سیاسییە سویدیەکان و بەتایبەتی پارتی چەپ و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستە  جیهانییەکان وە چەندین دیدارو کۆبونەوەی ڕێک خستوە بۆ ڕێکخراوی  چاک لەگەل پارتی چەپ و پەرلەمانتارانی گروپ نێت کە لە  پەرلەمانی سوید دۆستی کوردن  .

http://www.dengekan.com/doc/2006/5/chak20.pdf

**توانی به هۆی هەوڵەکانی یەکەم بەیاننامەی پارتێکی سیاسی ئەوروپی کە پارتی چەپی سویدیە بۆ چارەنوسی 18 کچی کورد بەدەست بهێنێت و خودی ئەم بەیانامەیەش پشتگیری تەواو دەردەبرێت لە داخوازییەکانی چاک دژ بە حکومەتی میسر. وە ئێستاش لە هەوڵ دانە بۆ بەدواداچونی هەمان مەسەلە لە نێو دام ودەزگا سیایسەکانی سویدیدا.**

http://kurdistannet.biz/2006/4-2006/15-4/partichepi.pdf

**لە 12 سالی خەباتی کەسێتی خۆیدا لەنێو پارتی چەپ و کەسایەتیە سویدیەکاندا رۆلی بەرچاوی هەبوە لە ناساندنی کێشەی گەلەکەی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافی بریا ردانی چارەنوسس بۆ گەلی کوردستان .**

.

**هاوکات هاورێ ئامینە داکۆکیکەرێکی راستگۆشە لە مەسەلەی ژنانی کوردستان بەتایبەتی ژنانی ئەنفال وهەڵەبجە کە توانیویەتی لە 5 سالێ رابردودا چەندین جار شاندی رۆژنامەگەری بباتە ناوچە ئەنفالکراو کیمیاباران کراوەکان , بارودۆخی ناهەمواری ژنانیان پێ بناسێنێت , بویە ئیمە داواکارین لە هە مووان دە نگ بە هاورێ ئامینە بدە ن کە دڵنیابن دەنگەکانتان دەبێتە بە شێک بۆ ناساندنی زیاتری مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە لەنێو پەرلەمانی سویدیدا .**

**ناوەندی چاک**

20060809